# سەفەرکردنتان هەڵەیە

**هێمن عەبدوڵڵا/ هۆڵەند**

چەند هەفتە پێش ئێستا، ( میدیا ) نووسیبووی : هێشتاش لە رانیە ، سەفەری نایاسایی بەردەوامە ، تەلەفۆنم بۆ ماڵێ کرد و ئەوانیش پشتڕاستیان کرد کە : جحێڵەکانی رانیە و دەوروبەری ، ئێستاش دەیانەوێ بێنە دەرێ ! ، بە حەپەساوییەوە پرسیم : دێنە کوێ ، تۆ بڵێی هەواڵی ناخۆشیی ئێرەیان نەبیستبێ؟! ، بە غەمگینییەوە لێیانپرسیم : بە راست ئەوێ ناخۆشە ؟ ، بێ بیر لێکردنەوە گوتم : ئەرێ .. ئێرە تەنیا بۆ پیاسەیەکی رێبوارانە خۆشە ..

* * *

خەسڵەتێکی جوانی بنیادەم ، خواستی سەفەر و دنیادیتنیەتی ، ئەوانەی حەزیان لەسەفەر نییە ، لە راستیدا حەزیان لە ناسینی دنیا نییە ، ئەوەی نایەوێت ئۆقیانووسەکان ببڕێ و پێیخۆشنییە کێوە بڵندباڵاکان لە لوتکەوە ببینێ ، ناشیەوێت لە حیکمەتی بوون و مانەوەی مرۆڤ بکۆڵیتەوە و مەبەستی نییە مانا بۆ زیندەگیی خۆی بدۆزێتەوە.
بۆیەش کە مرۆڤێک بڕیاری سەفەردەدات ، چەندە بۆی گرنگە لە یادەوەری و بوویەرە ناخۆشەکانی وڵاتی خۆی دوورکەوێتەوە ، هێندەش حەزدەکات ، سەر بە کلاورۆژنەی نوێدا بکات و لێیەوە رەنگی تازە و شوێنی جودا ببینێ ..... بەڵام ئایا تەنیا حەزکردن بەسسە ؟

* * *

لە ماوەی ئەو چەندساڵەدا، بۆمدەرکەوتووە کە زۆربەمان ، ئەوانەی دوای کۆتایی نەوەدەکان باشوری کوردستانمان بە جێهێشت ، تەنیا حەزمانکرد بە جێبێڵن و نەمانویست بیر لە قۆناغی دوای بەجێهێشتن بکەینەوە ، بۆیەش هەرزوو ، لێرە تووشی نائومێدی و شکەستەییی رۆحی هاتین ، ئێمە کە لەسەفەردا غەرقی خەیاڵپڵاوەکانمان بووین ، رۆژئاوامان وەک وێنەیەکی بە مۆدێرنی موتوربەکراوی وڵاتەکەمان هێنایە پێش چاو ، کاتێکیش کە دیتمان ، ئێرە ئەو بەهەشتە جادوویە نییە کە بۆیهاتووین ، زوو دەستمان دایە تەلەفۆن و بە دۆستە بە جێماوەکانی گەڕەکمان گوت : کورە نەکەن بێن .. بەهەشتەکەی ئێرە ، کۆڵکەزێرینەیەکە ، هەر لە دوورەوە جوانە !! ، بەڵام دۆستانی بەجێماو ، داڵغەیەکی بێتاقەتانەیان لێدا و بە تەوسەوە پێیان گوتین : ئەگەر

ڕاستدەکەن ،ئەی بۆ نایەنەوە ؟ ، ئێمەش ، سەختیی جوابدانەوە ناچاریکردین بە پەلەپەل بڵێین : وابزانم کارتەکەم تەواو بوو ، جارێ خوات لەگەڵ !! .

*                    *                    *

بەشێکی ئەو ئاشنایانەم کە ئێستا لە ئینگلتەرا دەژین ،خەڵکی پشدەر و بیتوێنن ، کە بە تەلەفۆن قسەیان دەگەڵ دەکەم ،کەمتر ڕێکدەکەوێ باسی پرۆژە ئاییندەییەکانیانم بۆ بکەن ، ئەوان هەمیشە بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکی سەردەمی بەرلە تاراوگەنشینی دەستپێدەکەن و کە لێشیان دەپرسم : ئێستا خەریکی چین ؟ ، بە پێکەنینەوە دەڵێن : وەڵڵا ئیشێ دەکەین و حەیب نەبێ ، عەلوجێکیشمان هەیە !! ، دەپرسم : عەلوج چییە ؟ ، دەڵێن : ئەو کچانەی لە ئەورووپای ڕۆهەڵاتەوە هاتوون ، بە ئاسانی دەبنە دۆستی کوڕان ، بۆیەش نێومان لێناون ( عەلوج ! ) ... تێدەگەم کە کاکی ئەورووپا نشین ، هێشتاش وادەزانێ ، دۆستی کچ هەبوون، ئازایەتی وکاسبی و خوێندنە! ، بەڵام دەپرسمەوە : ئەی ناچنە مەکتەبێ ؟ ، دەڵێن : ناوەڵڵا ، تاقەتمان نییە !!. کەمێک دادەمێنم و دیسان بەخۆم دەڵێمەوە : ئێمە حەزمان کرد نیشتمان بە جێبێڵێن ، بەڵام نەمانویست بیر لە قۆناغی دواى بە جێهێشتنی بکەینەوە .

*                    *                    *

ئەگەر گەنجانی ڕانیە بیانەوێ سەفەر بکەن ، هەقیانە ، هەموو کەس هەقیەتی سەفەر بکات ، بەڵام ئەگەر پێیان وابێ سەفەری ئەوساڵیان سەفەرێکی سەرکەوتووە ، ئەوە مخابن زۆر هەڵەن .. چونکە سەفەر ئەوکاتە سەرکەوتوویە ،کە ئومێدێک بۆ ئەنجامداریێتیی هەبێت .
لەوڕۆشدا کە ئەگەر حکومەتگەلی ئەورووپی لەسەر هەموو شتێک پێک ناکۆک بن، بە بیانووی خۆدوورخستنەوە لە گەرا نەترەکیوەکانی تێرۆر ، لەسەر مامەڵەی ناشارستانی و جارِسکردنی پەنابەران هاودەنگن، سەفەری بە درەنگەوەی ئێوە ، هەڵەیەکی گەورەیە ئازیزانم! .

www.hemnabdulla.blogspot.com